# دەروێشی عەودی

## ڕووداوێکی مێژوویی کەم وێنە



فاضل اصولیان

# دەروێشی عەودی

- ڕووداوێکی مێژوویی
- داستانێکی پڕ لە قارەمانیەتی
- داستانی بەرخۆدان و وڵاتپارێزی
- درامایەکی ئەوینداری
- گۆرانییەکی پڕ لە سۆز و جۆش

فازڵ ئوسولیان

سوید ٢٠١٧

## پێشەکی:

چ ناوێکی دەبێ لەسەر دابنرێت، ڕووداوێکی مێژوویی؟ داستانێکی جوانمێری و قارەمانایەتی؟ درامایەکی ئەوینداری؟ داستانی گیانبازی و بەرخۆدان هەتا دوا هەناسە بۆ پاراستنی خەڵک و وڵات؟ یا خۆ گۆرانییەکی پڕ لە جۆش و خرۆش، یان نا، هاوار و شیوەنی دڵدارێک بۆ ئەویندارەکەی؟ یان خۆ شاکارێکی ئەدەبی و هونەری؟ ڕەنگە بکرێ هەموو ئەمانە لە یەک شتدا کۆ بکرێتەوە ئەویش "داستانی دەروێشی عەودی"یە. ئەم ڕووداوە داستانێکی خەیاڵاوی و بێ بنەما و دروستکراوی مێشکی کەسێك نییە، بەڵکوو ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژووییە.

لەوانەیە زێدەگۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین سەدان داستان و ئەفسانەی جۆراوجۆری کوردی بە شێوازی بەیت کە تێکەڵاوێکە لە هەڵبەست و پەخشان و گۆرانی هەن، کە هەر کامیان لە شوێنی خۆیدا بەرهەمێکی کەم وێنەیە. بەناوبانگترینی ئەمانە بریتین لە مەم و زین، خج و سیامەند، گەنج خلیل، شاکە و مەنسور، قەڵای دم دم، زەنبیل فرۆش، شورِمەحموود و مەرزینگان، لاس و خزاڵ، شێخ سەنعان و درویشێ عەودی. بەڵام ئەوەی کە دەروێشی عەودی لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، ڕاستەقینەبوونی ڕووداوەکە، پڕ لە سۆز و خرۆش بوونی، ناسراوبوونی تاک تاکی ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک پەیوەندییان بە ڕووداوەکەوە هەیە لەوانە ناونیشانی هەر یازدە هەڤاڵەکەی دەروێشی عەودی و هەروەها دیاریبوونی کات و شوێنی ڕووداوەکانە.

هەر چەند ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەدە داستان و گۆرانی دەروێشی عەودی یەکێ لە بەناوبانگترین گۆرانییەکانی کوردیی کرمانجییە کە گوێگران و هۆگرانی هەر لە زیادبووندایە و جێگای تایبەتی خۆی هەیە بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش هونەرمەندانی کورد نەیانتوانیوە ئەم ڕووداوە مێژوویی و پڕ لە سۆزە لە ئاستێکی جیهانیدا نمایش بکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر ناخایەنێ کە داستانی دەروێشی عەودی لە شێوەی سیمفۆنی و ئۆپێرا و تئاتر و فیلم جێگای خۆی لە سالۆنەکانی هونەری جیهانیدا دەبینێتەوە.

ئەوەی کە لەم کورتە نووسراوەدا هاتووە نەک دەقی گشتی داستانەکە و نەک دەقی دیالۆگە جوانەکانییەتی کە لەشێوازی هەڵبەست و پەخشان و گۆرانیدایە و لە ٣٢

بەشـدا ڕازاونەتەوە، بەڵکوو ئەمە تەنیا پۆختەیەکە لەم ڕووداوە پڕ سـۆزە ئەویش لە پێناو ناساندنی هەر چێ زیاتری داستانی دەروێشی عەودی.

ئیمپراتووری ســـتەمکاری عوســـمانی بۆ پاراســـتنی دەســـەڵاتی خۆی و درێژەدان بە فەرمانڕەوایی نێگریسی. لە سیاسەتی خستنەوەی دوو بەرەکی و دوژمنایەتی و تێکدانی نێوان هۆزەکان و نەتەوەکانی جیاجیا پەیڕەوی دەکرد. هەر بۆیەش لە بەشـــە جۆربەجۆرەکانی کوردســـتاندا ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی کوردیان بەرەو ناوچەکانی عەرەبنشین و تورکنشین هەر لە ئێستامبولەوە هەتا مەکە و مەدینە کوچ پێ کرد. و لە شوێنی ئەواندا ژمارەیەک لە هۆزەکانی تورک و عەرەب کە لایەنگری دەسەڵات بوون جێگر کردبوو. و بەم کارەش هەم پێشی. لە یەکگرتووی هۆزەکانی کورد دەگرت و هەم لە کاتی پێویستیشدا هۆزەکانی تورک و عەرەبی لە دژی کوردان بەکار دەهێنا.

داستانی دەروێشی. عەودی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە و ئەنجامی سروشـتی سـیاسـەتی چەپەڵی دوڵەتی عوسـمانی بوو لەوکاتەدا. ڕێکەوتی ڕووداوەکانی نێو ئەم داســـتانە، دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵەکانی نیوان ١٧٥٠- ١٧٨٥ لە میرنشینی "وێرانشار" لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زۆر تەمەرپاشای مێلاندا.

لە سەدەکانی ڕابردوودا دەسەڵات لە کوردستاندا لە دەستی "میرەکان/ پادشاکان"دا بوو، چەندین میرنشـــینی گەورە لە کوردســـتاندا هەبوون، هەر کام لەم میرنشـــینانە میری خۆی هەبوو کە وەکوو پـادشـــایەک فەرمـانڕەوایی دەکرد. لە دەوروبەری ســـالەکانی ١٧٥٠دا یەکێ لە کوڕەکانی تەمەر پاشـــای مێلان کە ناوی "زۆر" بوو لە میرنشـینی وێرانشـار هەر لە ناوچەی ڕوها (اورفا)وە هەتا حەڕان و ئامەد لە باکووری کوردســـتان و هەتا نـاوچەکانی موســـڵ و حەڵەب فەرمـانڕەوایی دەکرد. ژمـارەی عەشیرەی مێلان زیاتر لە ٣٢٠٠٠ ماڵبات بوون، بێجگە لەم ژمارەیە بە هەزاران ماڵی تر لە هۆزەکانی تریش هەر لە بن فەرمانی ئەودا بوون. هۆزەکانی ئێزدیش لە شـەنگاڵ و لە دەوروبەری چیای شەنگاڵ کە زیاتر لە ٥٠٠٠٠ ماڵ بوون هەر چەندە سەربەخۆ بوون و میری خۆیانیان هەبوو بەڵام هاوپەیمانی مێلانەکان و زۆر تەمەرپاشا بوون.

لە ســـاڵی ١٧٥٥دا "پیرکاڵ" کە "میری" ئێزدییەکان بوو لە "عەودی ملحم" کە یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی ئێزدی بوو، زویر دەبێ. عەودیش لەگەڵ براکانی عەلی و بۆزان و چەند ماڵێکی تر لە خزمەکانی شـەنگاڵ بەجێ دێلێت و دەچیتە لای زۆر تەمەرپاشـای مێلان لە وێرانشار.

پاشا بە ڕێزەوە وەریان دەگرێ و عەودی و هەڤاڵەکانی کە سوارەی چاک و جەنگاوەر بوون وەک سوارەی خۆی ڕایان دەگرێ و بەخێویان دەکا.

هۆزی "گەســا" عەرەب بوون، کە لە مێژ بوو لە لایەن دوڵەتی عوســمانییەوە لە وێرانشــار جێگیر کرابوون، هۆزی گەســا هاوکار و هاوپەیمانی تورکەکان بوون، سەربازان و ئۆردووی سەربازانی تورک هەمیشە لە ناوچەکانی ئەواندا جێگیر دەکران، لە شەڕ لە دژی کوردان هۆزی گەسا پشتیوانیان لە تورکەکان و هێزەکانی عوسمانی دەکرد. ژمارەی هۆزی گەسا نزیک بە ١٥٠٠ ماڵ بوون. هێندێ جاران لەسەر ئاو و لەســەر لەوەڕگە و نەچیرگە، شــەڕ و کێشــە لە نێوان کوردان و عەرەبەکاندا پەیدا دەبوو، لەم شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا سەربازانی تورک لە پاڵ عەرەبەکاندا بوون.

لە دەوروبەری ســاڵی ١٧٦٠ ســەربازانی تورک و هۆزی گەسا بە شــێوازێکی لە ناکاو پەلاماری هەوارگەی زۆر تەمەرپاشــایان دا و بە تەمای کوشــتنی بوون. پاشــا بە زەحمەت خۆی دەرباز کرد و لە مەرگ ڕزگاری بوو، لەم پەلامارەدا عەودی زۆر شێرانە بەرئەنگاریان بووەوە و نزیکەی ١٠٠ کەسی لێان کوشــت و بریندار کرد. لە پاش ئەم ڕووداوە زۆر تەمەرپاشا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ عەودی هەبوو. هەر لەم ســاڵەدا عەودی بوو بە خاوەن کوڕێک کە پاشــا ناوی دەروێشــی لەســەر نا. زۆر تەمەرپاشــا گەلێک حەزی لەم کوڕە بچکۆلەیە دەکرد، هەر کاتێ دەهات بۆ ماڵیان دەرفەتی دەدایە کە بڕوات لەگەڵ کچە چکۆلەکەی خۆی کە ناوی عەدولە بوو یاری بکا. چەند ساڵێک تێ پەڕی، دەروێش گەورە بوو، ئەو ئیتر ببووە لاوێکی جوان خاس، ســوارچاک و پاڵەوان و هەروەها جەنگاوەرێکی لێهاتووی پادشــا. لە لایەکی تریشــەوە خۆشەویستییەکی قوڵ لە نێوان دەروێش و عەدولەدا پێک هاتبوو.

لەو کاتەدا زۆر تەمەرپاشــا لە دژی دەوڵەتی عوســمانی و هۆزی گەســا کە ســەر بە عوسمانییەکان بوون لە شەڕدا بوو. لەم شەڕ وبەربەرەکانیانەدا دەروێش و سەعدونی برای بەشدارێکی چالاکیان هەبوو، هەر بۆیەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە بێ ئامادەبوونی خۆیان هەر یەکەیان فەرمانی سزای ١٠١ ســاڵ زیندانیان بۆ بڕا بووەوە. لەبەر ئەو ستەمگەری و کوشتارانە کە عوسمانییەکان لە کوردەکان و بە تایبەت لە کوردانی ئێزدیان کردبوو، دەروێش زۆر داخ لە دڵ و دڵ پڕ لە حرس بوو بەرامبەر عوسمانیەکان و دوژمنایەتیانی دەکرد. تەنانەت گەلێ جارانیش لەگەڵ سوارەکانیاندا شەڕی کردبوو. جارێکیان دەروێش لەگەڵ "میری" ڕوها (ئورفا) لە سەفەردا بوو کە

له لایەن سەربازانی تورکەوە دەستگیر ئەکرێن و ئەخرێنە زیندانەوە. بەڵام کاتێ سەعدون برای دەروێش بەمە دەزانێ زۆر بە خێرایی لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤالانی لە کاتی شەودا هەڵدەکوتنە سەر زیندانەکە و هەموو زیندانییەکان ڕزگار دەکەن.

جارێکی تریش لە ڕووداوێکی دیکەدا کاتێ زۆر تەمەرپاشا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانیدا بۆ نەچیرکردن دەچن بۆ کوێستانی قەرەجداخ لە ڕێگادا دەکەونە کەمینی دوژمنەوە، دەروێش زۆر بە ئازایانە لێیان دێتە دەست و بەرئەنگاریان دەبێتەوە و تاروماریان دەکا و بەمجۆرە شا لە مەرگ و تیاچوون ڕزگار دەکات. لە دوای ئەم ڕووداوە دەروێش قەدرێکی تایبەتی بەلای پادشاوە پەیدا دەکا و دەبێتە یەکێ لە یارانی بارەگای زۆر تەمەرشا. دەروێش ئێستا وەک پاڵەوانێکی ناودار، سەرکردەیەکی لێهاتوو و کارزان و جوانێکی خۆشەویست لە ناو خەڵکی ناوچەدا ناوبانگی دەرکردبوو.

چیرۆکی خۆشەویستی و سۆزی نێوان دەروێش و عەدولە کچی پاشا ئێستا کەوتبووە سەر زاری خەڵکەوە و دەیانگێڕایەوە. یەکێ لە خزمەکانی نزیکی پاشا کە ناوی عیسا کوڕی مەلا عەلی بوو ئەم دەنگۆیە گەیاندە گوێ زۆرپاشا. پادشا بە بیستنی ئەم هەواڵە تێک دەچێ و زۆری پێ ناخۆش دەبێ. لە چاوی پاشا و بنەماڵەکەیەوە ئەمە کارێکی نەشیاو و نەگونجاو بوو، لە لایەکەوە ئەمە دژ بە بیر و باوەڕی ئائینی هەر دوو لایان بوو، دەروێش و بنەماڵەکەی ئێزدی و پاشا و مێلانەکان موسوڵمان بوون. لە لایەکی دیکەشەوە دەروێش و بنەماڵەکەی هاوتەراز و هاوشانی ماڵی پادشا نەبوون، ئەو تەنیا یەکێ لە سوارەکانی پادشا بوو، پادشا نەیدەتوانێ کچەکەی خۆی بە مێرد بداتە یەکێ لە پیاوەکانی خۆی. زۆر تەمەرپاشا تەنیا چارەیەکی بۆ ئەم ڕەوشەی پێ شک دەهات، بانگی عەودی باوکی دەروێشی کرد و فەرمانی پێ دا کە خۆی و بنەماڵەکەی و هەموو ئێزدییەکان دەبێ هەرچێ زووتر ناوچەکە بەجێبهێڵن و بڕۆن. ڕۆژی دواتر عەودی و ماڵە ئێزدییەکان باروبنەیان لێ پێچاوە و بەرەو شوێنێ پێشوێ خۆیان شەنگاڵ کۆچیان کرد.

شەش مانگ لەم ڕووداوە تێ دەپەڕێت، ساڵی ١٧٨٥ بوو، تورکەکان و عەرەبەکان هەواڵی تورەبوونی زۆر تەمەرپاشا لە دەروێش و دەرکردنی ئێزدییەکانیان لە وێرانشاریانن پێ گەیشتبوو و زانیبوویان کە ئێستا نێوانی پادشا و هۆزی مێلان لەگەڵ ئێزدییەکان خۆش نییە، هەر بۆیەش بە دەرفەتیان زانی کە هێرش بکەنە سەر زۆرپاشا و هۆزی مێلان و بۆ ئەم کارە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون. سەرۆکی هۆزی عەرەبی

"گەســا" کەســێک بە ناوی شــێخ عوبەید ئیبراهیم بوو کە دوو کوڕی بە ناوەکانی عەفەر و عوســمان ســەرکردایەتی ســپای هۆزەکەیان دەکرد. فەرماندەی هێزەکانی تورک کەســێک بوو بە ناوی "چێلی ئیبراهیمی بیگدلی". ئەمانە نامەیەکی پڕ لە سەرکۆنەیان بۆ زۆر تەمەرپاشا نووسیبوو و هەڕەشەیان لێ کردبوو کە دەبێ چووک دابدات و واز لە دەســەڵات و فەرمانڕەوایی بێنێ و بەشــێکی زۆریش لە لەوەرگە و هەوارگەکانی هۆزی مێلانیش ڕادەســتی ئەوان بکا دەنا هێرش دەکەنە ســەری و سەروماڵی تەفروتوونا دەکەن.

پادشا بانگی ڕیش سپییان و گەورە پیاوان و سەرکردەکانی هۆزەکەی خۆی کرد و پێ وتن:

خەڵکینە بێ گومان ئێوەش بیســتووتانە کە دوژمن خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ پەلاماردانی ئیمە. من ئێستا تەمەنم هەفتاد ساڵە و ئیتر پیر و ئەختیار بووم و توانای شەڕکردنم نەماوە، هەر وەک دەزانن من کوڕم نییە کە جێگام بگرێتەوە، تەنیا ڕۆڵەی من "عەدوله"یە. من پێشنیار دەکەم با یەکێ لە جوانەکانی هۆزەکەمان کە بە خۆیدا دەپەرمێ بێتە پێش و ســەرکردایەتی ئەم شــەڕە بکا و خەڵک و وڵاتمان بپارێزی لە دەســتدرێژی نەیاران. هەرکەسێ بتوانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکا و لە بەرانبەر دوژمندا ســەرکەوتوو بێ ئەمجا عەدوله کچی من دەبێتە ژنی ئەو، با ئەوەش بزانن کە بۆ من و عەدوله دلێری و جوانمێری مەرجە نەک زێڕو زێو. مەرج ئەوەیە کە عەدوله فنجانێک قاوە لەســەر ســینییەکی زێڕین لە کۆبوونەوەی ســەرکردەکاندا بگێڕێ، هەرکەسێ فنجانە قاوەکەی لەسەر سینییەکە هەڵگرت، ئەوە بەو واتایە دێت کە مەرجەکەی پەژراندووە و دەبێ خۆی ئامادە بکا بۆ شەڕ و ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوت ئەمجا بۆی هەیە لەگەڵ عەدولەدا زەماوەند بکا.

لە دوای قســەکانی پادشــا، بێدەنگێەک گردبوونەوەکە دادەگرێت، لە لایەکەوە شەرکردن و سەرکەوتن بەسەر ١٧٠٠ سوارەی دوژمندا کارێکی ئاسان نییە و لە لایەکی دیکەشەوە هەموو کەس دەزانێ کە عەدوله و دەرویش ئەویندارى یەکترن. لە پاش کەمێک عەدوله بە ســینییەکی زیڕین و بە فنجانێک قاوەوە دێتە ژورەوە، بە بەردەم پیر و جوانەوە دەیگێڕێ، زۆربەیان ســەریان بەرداوەتەوە، هێندێک ئەنگۆســتەکانی دەســتی خۆیان دەگوشــن، هێندێک سمیلەکانیان دەجون، کەس ناوێرێ فنجانە قاوەکە هەڵبگرێ، سێ ڕۆژان هەر بەم چەشــنە تێ دەپەڕێ، کەس

نایەتە پێش و کەس فنجانە قاوەکە هەڵناگرێت. کات تەنگە، دوژمن لە کەمینە دەبێ چارەیەک بدۆزرێتەوە، یەکێ لە ڕێش سپییەکانی هۆزەکە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ:

پادشام! تەنیا چارەیەکمان هەیە، ئەگەر ئێوەش پێتان باشە با کەس بنێرین بە دوای دەروێش و هەڤاڵەکانی و ئاشتیان بکەینەوە، بەڵکوو ئەوانیش بین بە هاوارمانەوە و لەم شەڕەدا یارمەتیمان بدەن. پادشا ئەم پێشنیارەی پێ باش بوو. نامەیەکیان بۆ عەودی باوکی دەروێش نووسی و لەگەڵ هێندێک دیاری تایبەتدا بە چەپەرێکدا (پەیک/ نامەبەر) بەرەو شەنگاڵ ڕوانەیان کرد. دەروێش کە بەمەی زانی زۆر خۆشحاڵ بوو، داوای لە باوکی کرد کە ئیزنی بدات با هەرچێ زووتر بەڕێ کەوێ. بەڵام باوکێ ڕازی نەبوو، عەودی هێشتا هەر لە پادشا تووڕە و زیز بوو و بڕوای پێ نەدەکرد، بۆیە ڕووی کرد لە کوڕەکەی و وتی: کوڕم دەروێش! ئێمە ئێزدین و زۆرپاشا و مێلانەکان موسوڵمانن، پاشا قەت سۆزی خۆی ناباتە سەر و کچەکەی خۆی نادات بەتۆ، ئەم ڕێگایە کە تۆ دەتەوێ بیگریتە بەر چوونی هەیە و گەڕانەوەی نییە، باشتر وایە هەر لێرە بمێنێتەوە و واز لەم ئەوینەت بێنێ. دەروێش وەڵامی بابێ دایەوە و وتێ: بابە گیان، من لە نێو هۆزی مێلاندا گەورە بووم، ئەوێ نیشتمانی منە، ئەوان ئیستا پێویستیان بە ئێمەیە، ئەمە بۆ ئیمە دەرفەتێکی باشە کە هەم لە وڵاتی خۆمان بەرگری بکەین و هەم لە شەرەفی خۆمان، بێجگە لەمانە تۆش دەزانی کە ئەوینی عەدولە قەت لە دڵی من دەرناچێ بۆیە داوات لێ دەکەم کە بهێڵە با من و سەعدونی برام پێکەوە بڕۆین. باوکی دەروێش هەر چەند لە دڵەوە پێ خۆش نەبوو بەڵام لە دواییدا ڕازی بوو. دەروێش بە دڵێکی خۆش ئەسپە چالاکەکەی کە ناوی هەدبان بوو زین کرد. عیسۆ کە یەکێ لە هەڤاڵەکانی دەروێش بوو خۆی ئامادە کرد و وتی بە دەروێش کە ئەویش لەگەڵی دەچێ، سەعدون برای کاتێ نەیتوانی دەرویش پەشیمان بکاتەوە لە ڕۆیشتنی، بە ناچار ئەسپی زین کردو و لەگەڵیان کەوت. هەروەها دوو کوڕی عومەر ئاغای شەرقیش کە پاڵەوان و شەڕوانی بەناوبانگ بوون ئەوانیش خۆیانیان ئامادە کرد و لەگەڵیان بەڕێ کەوتن. دەروێش لە کاتێ بەڕێکەوتنیاندا وتی گەلی هەڤالان من دەزانم کە ئەمە شەڕێکی گران و زەحمەتە و ئەگەری سەرکەوتنمان کەمە، بەڵام چارمان نییە و هەر دەبێ بچین. سەعدون برای دەروێش کە لە دڵەوە بەم ڕۆیشتنە ڕازی نەبوو، ڕووی لە دەروێش کرد و وتی: من نازانم بۆچی دەبێ ئیمە بچین و بۆ زۆر تەمەرپاشا شەڕ بکەین، لە کاتێکدا ئەو ئێمەی لە ویرانشار دەرکرد؟

دەروێش وەڵامی سەعدونی دایەوە و وتی: برام سەعدون منیش وەک تۆ زۆر لەو کارەی پاشا دڵگرانم، بەڵام ڕۆیشتنی من بۆ ئەم شەڕە تەنیا لەبەر خاتری پادشا نییە، ڕاستە کە من زۆر ئەوینداری عەدولەم بەڵام تەنیا لەبەرعەدولەش نییە، ڕۆیشتنی من بۆ پاراستنی خەڵک و وڵاتە، ئەگەر تورک و عەرەبان ئەمڕۆ هێرش بکەنە سەر زۆر تەمەرپاشا و مێلانەکان کە موسوڵمانیشن و شکستیان پێ بێنن و ژن و کچەکانیانن بەدیلی ببەن، ئەمجا سپەینی لە پاش ئەوان ئەوا بۆ تێکشکاندنی ئێزدییەکان و بۆ بەدیل گرتنی ژنان و کچان و خۆشکانمان پەلاماری ئێمەش دەدەن. پاشان ڕووی کردە سەعدون و وتی ئەگەر بەدڵ حەز ناکەی لەگەڵمان بێ دەتوانی هەر لێرە بمێنیتەوە، سەعدون ئیترهیچ قسەیەکی پێ نەما.

لە پاش ڕۆژێک سوارەکان گەیشتنە بارەگای زۆر تەمەرپاشا، ژمارەیەکی زۆر لە ڕیش سپییان و سەرکردەکان و سوارانی مێلان لە بارەگای پادشا کۆ ببوونەوە، بە بلاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی دەروێشی عەودی خەڵکێکی زۆر لە هەر لاوە ڕژانە بارەگای پادشا بۆ ئەوەی بزانن کە بڕیاری دەروێشی عەودی چی دەبێ. عەدولە چەندین ڕۆژە کە چاوەڕوانە، زۆر نێگەرانە خەو لە چاوانی نەکەوتووە، ئەو دەزانێت کە ئەگەر دەروێش بێت، بێ دوو دڵی فنجانە قاوەکە هەڵدەگریت و دەێخواتەوە و دەچێ بۆ جەنگی دوژمن و هەتا دوا هەناسە شەڕ دەکا، ئەو دەزانێ کە ئەم ڕێگایە کە دەروێش دەێگرێتە بەر ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە. لە کانگای دڵییەوە ئاواتی دەخۆاست کە بەشکەم کەسێکی تر فنجانە قاوەکە هەڵبگرێت هەتا دەروێش نەچێتە شەڕ و نەێتە کوشتن. بن خەیوەتی ماڵی پاشا جمەی دەهات لە میوانان، ئەوکات و ساتە هەستیارە کە عەدولە ئارەزووی لێ نەدەکرد ئێستا هاتووە، عەدولە بە سینییەکی زێڕینەوە کە فنجانێکی قاوەی لەسەرە دێتە ژوورەوە، لە بەردەم پیر و جواندا دەێگێڕێ بەڵام کەس هەڵی ناگرێ، ئێستا بە فنجانە قاوەوە گەیشتووەتە بەردەم دەروێش، دڵی دەڵەرزی و ئەژنۆی سست بووە، دەروێش هەڵدەستێ مات و حەیرانی چاوی عەدولە دەبێ و قاوەکەی سەر دەستی دڵدارەکەی هەڵدەگرێ و یەکسەر دەیخواتەوە، هەڵا و چپڵەڕێزان گوێ مروڤی کەڕ دەکرد، دەروێش مەرجەکەی بردوەتەوە. ئێستا ئێتر دەبێ هەرچێ زووە لەگەڵ سوارەکانی دی خۆیان ئامادە بکەن بۆ نەبەرد لەگەڵ دوژمن.

زۆر تەمەرپاشــآ ڕووی لە دەروێش کرد و پاش پیرۆزبایی داوای لێ کرد کە ســپایەکی گەورە لە سواران و جەنگاوەرانی هۆزەکان پێک بێنێ و بچێت بۆ شەڕی دوژمن. بەڵام دەروێش لە باتی ســوپایەکی گەورە، تاقمێکی بچووک و ڕەزماوەری پێ باش بوو، هەر بۆیەش بێجگە لە خۆی و سەعدونی برای دە جەنگاوەری دیکەشی بۆ شەڕ هەڵبژارد.

بەیانی ڕۆژی پاشــتر دەروێش و هەڤاڵانی لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەڕێ کران، عەدولە لە دواین ســاتدا خۆی گەیاندە دەروێش و بە سرتە سرت هێندێ شــتی بە گوێدا وت. کاتێ بەڕێ دەکەوتن دەروێش ڕادەوەستێ و دەڵێ گەلی هەڤاڵان، شــەڕی ئەم جارەمان شەڕێکی گرانە ئەگەر کەسێک لەخۆ ڕانابینێ و هەست بە پشیمانی دەکا با بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە راستی دەڵیم من قەت پێ دڵگران نابم، بەڵام هاوڕێییەکانی وەڵامی ئەدەنەوە کە مەگەر گیانی ئیمە لە گیانی تۆ شیرینترە!

لە پاش بڕینی ڕێگایەکی باش، لەسەر کانیاوێک بۆ پشــودان ڕادەوەستن، دەروێش بە هەڤاڵەکانی دەڵێ: ئیوە هەر لێرە بمێننەوە هەتا من ســەیری ناوچەکە بکەم بزانم دوژمن لە کوێ ئۆردووی لێ داوە. دەروێش خۆی گەیاندە ســەر شــاخەکە، باش کە ڕۆانی دەوار (ڕەشــماڵ)ێکی دێت، کە لێ نزیک بووەوە پیر پیاوێکی گوندی لێ هاتە دەر و بە ســەرســوورمانەوە سەیری دەروێشی۔کرد و لێ پرسی: کوڕم لێرە چی دەکەی ئەوا لە چی دەگەڕی؟ دەروێش وەڵامی دەداتەوە: خاڵۆ وڵاخەکانم لێ بزر بوون بە دوواياندا دەگەڕم. پیرپیاوەکە وتی: بە ساز و بەرگی ڕەزمی و بە جلوبەرگی ئاسنی، بە شمشێر، سپەڕ و کڵاوخۆدەوە پیاو بە دوای وڵاخدا ناگەڕێ. دەروێش وتی ڕاســت دەکەی من بۆ ئەوە هاتووم تا بزانم ســوارەکانی تورک و عەرەب لە کوێ ئۆردوویان لێ داوە. پیرە مێردەکە کە چاک لە دەروێشی ڕوانی، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم جوانە زۆر لە عەودی دەچێ و لەوانەی کە ئەم کەسە هەمان دەروێشی بەناوبانگ کوڕی عەودی ملحم بێ، هەر بۆیەش پێ دەڵێ کە ئەو دەروێشــی قەت نەدیوە بەڵام چەند جارێک بووەتە میوانی عەودی باوکی. دواجار پێ دەڵێ جوان تۆ حەیفی کە بکوژرێت و تێ دەکۆشێ کە پەشــیمانی بکاتەوە. ئەو بە دەروێش دەڵێت کە ١٧٠٠ ســوارەی تورک و عەرەب هەر لەو نزیکانەدا چادریان لێ داوە و ئامادەی جەنگن و تکا لە دەروێش دەکات کە لە باتی شــەڕ هەرچێ زووە لە ناوچەکە دوور بکەوێتەوە با نەکوژرێت. دەروێش دەڵێ بچوو پێیان بێژە کە دەروێشــی عەودی ســپەیێ لە ســەر گردی ئەدشــان چاوەڕێیان دەکات.

رۆژی دواتر سـپەێنێ زوو هەر دووک لایان لە گردی ئەدشـان ئامادەی نەبەرد دەبن. دەرویش و سـەعـدون و دە جەنگاوەری تر لە هەمبەر ١٧٠٠ سـوارەی دوژمن ڕادەوسـتن. سـەرکردەی سـوارەی عەرەب "عەفەر" کوڕی شـێخ عوبەید سـەرۆک هۆزی "گەسـا"یە. عەفەر زۆر باش دەرویش دەناسێ، ڕۆژێکان لە نەچیرگایەکدا لە کاتی نەچیردا لەگەڵ یەک ئاشنا ببوون، ئەوان دەستی برایەتیان دابووە یەکتر. عەفەر جوانوە ئەسـپێکی پێشـکەشی دەرویش کردبوو، هەدبان ئەسـپی دەرویش هەمان جوانوە کە ئێستا ئەسپی خۆشەویستی دەروێشـە کە ئەسپێکێ کەم وێنەیە و لە کاتی شەڕدا زۆر چالاک و هەڵسووڕاوە.

سەرکردەکانی تورک و عەرەب لە بیستنی هەواڵی هاتنی دەروێش تووشی سەرسووڕمان بوون چوونکە ئەوان نەخشـەی ئەم هێرەشەیان لەسەر تێکچوونی نێوانی ئێزدییەکان و هۆزی مێلان دارشـتبوو، ئەوان ئەوەیان دەزانی کە زۆر تەمەرپاشا لە دەروێش و لە عەودی و ئێزدییەکـان توورە و زیزە و پێیـان وا نەبوو کە جـارێکی تر دەروێش و ئێزدییەکان پشتیوانی و پارێزگاری لە زۆر تەمەرپاشا و هۆزی مێلان بکەن. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە شـەڕکردن لەگەڵ دەروێش لەوانەی ببێتە هۆی شـەڕێکی گەورەتر لەگەڵ هۆزی شەرقی و هەموو ئێزدییەکان کە زیاتر لە ٥٠٠٠٠ ماڵ بوون، ئەوان لەو کاتەدا ئامادەی وایان تێدا نەبوو و حەزیان لە شـەڕێکی وا نەدەکرد. هەر بۆیەش زۆر تێ کۆشان کە بە هەر جۆرێک بێت خۆیان لە شەڕکردن لەگەڵ دەرویش و ئێزدییەکان بپارێزن. عەفەر بە سەرکردەکانی تری خۆیانی وت: لە هەمبەر ئیمەدا ئێستا دەروێشی عەودی ڕاوەستاوە، دەروێش پاڵەوان و سەرکردەیەکی بێ هاوتایە، دەروێش لە هۆزی مێلان نییە ئەوە کوردێکی ئێزدی لە هۆزی شـەرقی خەڵکی لای شـەنگاڵە، دەروێش دوستێکی خۆشەویستی منە، ئیمە دەستی براییمان لەگەڵ یەک داوە، بەڵام مخابن ئێسـتا پادشـا فریوی داوە و ئەوی ناردووە بۆ شـەڕ لەگەڵ ئیمە. من دەزانم کە شـا قەت ئەو سۆزەی کە پێ داوە جێ بەجێ ناکات، ئەوا من دەڕۆم و لەگەڵی قسە دەکەم بەشکم لە شەڕکردن پەشیمانی بکەمەوە .

عەفەر دەچێت بۆ لای دەروێش وپێی دەڵێ: دەرویش کاکی خۆم فریوی پاشا مەخۆە، ئەو موسـوڵمانە و تۆ ئێزدی، ژن هێنانی ئێزدییەک لەگەڵ موسـوڵمانێکدا نابێ و حەڵال نییە، ئەوە بزانە کە زۆر تەمەرپاشـا بە ئەنقەسـت تۆی ناردووە بۆ ئەم شـەڕە بۆ ئەوەی کە بکوژرێت، ئەو قەت سـۆزی خۆی ناباتە سـەر و کچی خۆی نادات بە

تۆ. وەرە لەم شـــەڕە گەڕێ، ئەگەریش حەز دەکەی من دەتوانم یارمەتیت بدەم بۆ ڕەفاندنی عەدولە ئەو دەم تۆ دەتوانی بیهێنی و بیکەی بە ژنی خۆت.

دەروێش وتی: عەفەر ڕاســـتە کە من و تۆ دۆســـت و هەڤاڵی یەکترین، بەڵام ئیوە چاوتان بڕیوەتە خاک و وڵاتی ئیمە، ئێرە نیشتمانی ئیمەیە و هەرواش دەبێ بمێنێتەوە. ڕآسـتە کە عەدولە بۆ من زۆر خۆشـەویسـتە بەڵام وڵاتەکەم و نیشـتمانەکەم بۆ من خۆشــەویســترە. لە لایەکی دیکەشــەوە ئەگەر تۆ یارمەتیم بدەی کە من بە عەدولە بگەم، ئەمە ئیتر هیچ شــانازێکی بۆ من نییە، بگرە ســەرشــۆڕیشــە، لەوانەی ڕۆژێک عەدولە پێم بڵێ ئەوە تۆ نەبووی کە بە جوانمێری خۆت منت هێنا، ئەوە کەســانی تر بوون منیان هاویشـتە باوەشی تۆ. دەروێش بە عەفەر دەڵێ: تۆ ناتوانی بەم قسـانەت من پەشـیمان بکەیتەوە، ئەگەر ڕاسـت دەکەی و لە دڵەوە حەز ناکەی ئیمە پێکەوە شـــەڕ بکەین، بڕۆ چـادەرەکـانتـان لەوێ خڕبکەنەوە، ئۆردووگـاکەتـان هەڵچنن و سوارەکانتان با لێرە بڕۆن، ئەگەر وا ناکەن دە بڕۆن ئامادەی شەڕ بن.

هەر دوو لا لەســـەر تەپەی ئەدشـــان ئامادەی نەبەرد دەبن، دەروێش و هەڤاڵەکانی وەک با و بۆران خۆیان لە جەرگی ســپای دوژمن کوتا، لە پاش کاتژمێرێک شــەڕکردن هەر دوو لا دەکشـــێنەوە بۆ شـــوێنەکانی خۆیان، دوو کەس لە هەڤاڵانی دەروێش و دەیان کەس لە دوژمن گیانیان لە دەســـت دابوو. جەنگی ئەدشـــان سێ ڕۆژ درێژەی کیشـــا، لە ڕۆژی ســـێیەمدا بێجگە لە دەروێش و عیســـۆ ئەوانی تر هەموویان کوژرا بوون. دەروێش دەچێتە سـەر تەرمی سـەعدونی برای، کراسـکەی و پشـتوێنەکەی لێ دەکاتەوە و دەیێنێتە ســـەر چاوانی، پاشـــان لە تەرکی ئەســـپەکەی ســـەعدونی دەیبەســـتێتەوە و هانی ئەســـپەکە دەدا کە بگەڕێتەوە بەرەو ماڵ. دەروێش داوای لە عێســـۆ کە بریندار بوو دەکا کە بگەڕێتەوە بۆ لای زۆر تەمەرپاشـا بۆ ئەوەی کە هێزی زیاتریان بۆ بەرێ بکا. عیسـۆ نەیدەویست کە دەروێش بەتەنیا جێبهێلێت، بەڵام کاتێ کە زانی دەروێش مکوڕە لە ســـەر گەڕانەوەی، بەناچـار ئەویش گەڕایەوە. بۆ ڕۆژی دواتر دەروێش بە تەنیا چووە مەیدانی شـــەڕەوە، لە حرسی لەدەســـتدانی براکەی و هەڤـاڵانی شـــەڕێکی بێ هەمتـای دەکرد، کەس نەیـدەوێرا لێ نزیـک بێتەوە، بۆیە بە پێشـــنیاری "کۆســـە وەیس" یەکێ لە ســـەرکردکانی دوژمن پیلانێکی بۆ دادەرێژن، دەروێش لە ئەسپەکەی بەردەبێتەوە، ئەمجا پەلامار دەکەنە سەری و بە شمشێر لێ دەدەن. عەفەر خۆی دەگەینێتە سەر دەروێش و بە سوارەکانی تورک کە دەورەیان لە

دەروێش دابوو و بەتەمای کوشـــتنی بوون دەڵێ: دەروێش لە هۆزی مێلان نییە، ئەو ئێزدییە، ئەگەر بێتو بیکوژین ئەمجـا ئیمە لەگەڵ ٥٠٠٠٠ مـاڵی ئێزدی ڕووبەڕوو دەبێن کە ئەم کارە بە زیانی ئیمەیە. عەفەر دەروێشـــێ لە گۆڕەپانی شـــەڕەکە بردە دەروە، دەروێش داوای لێ کرد کە بیگەینێتە سـەر گردی ئەدشـان و لە پاڵ بەردێکدا بە جۆرێک دایبنن کە ڕووی لە وێرانشـــار بێ، تا ئەگەر هاتوو عەدولە هات بتوانێ لە دوورەوە بیبینێ. دەروێش لە دوا ســـاتەکاندا داوای لە عەفەر کرد کە یارمەتی بدا با خۆی کەمێک رێکوپێک بکا، تـا ئەگەر هـاتوو عەدولە گەیشـــتە لای ئەو بە حـاڵی پەرێشـانەوە نەیبینێ. هەر لەم کاتەدا دەروێش دەڵێ: گۆیت لە دەنگی سمی ئەسپانە؟ ئەوانە بێگومـان ســـوارانی ئیمەن کە بەرەو ئێرە دێن، بڕۆ خۆت دەرباز بکە با نەیێتە کوشتن. عەفەر بە دڵێکی پڕەوە سەیری دەروێشی کرد، و بە چاوێکی پر لە فرمێسکەوە دەرویشێ بەجێهێشت.

عایشـــە و عەودی باوک و دایکی دەروێش و ســـەعدون زۆر بە نێگرانییەوە چاوەڕێ هەواڵێکی کوڕەکانیـان بوون، لە نـاکاودا ئەوان لە دوورەوە چـاویـان بە "کەمێت" ئەســـپەکەی ســـەعدون کەوت کە بەرەو ماڵ غاری دەدا. کاتێ ئەســـپەکە گەیشـــتە بەرەوە، ئەوان لێ چوونە پێش و دیتیان کە کراس و شـــاڵەکەی ســـەعدون لە تەرکی کەمیت بەستراوە، زانیان کە سەعدون کوژراوە و کارەساتێک بەرپوەیە. هەواڵەکە لە نیو هۆزی شـــەرقیـدا تەقییەوە، هەر زوو ســـەدان جەنگـاوەر لەگەڵ عەودی و عومەرئاغای شەرقی بەرەو مەیدانی جەنگ کەوتنە رێ. کاتێ گەیشتن بارەگای زۆرشاە ئەمجا تێگەیشـتن کە هەموو جەنگاوەرەکان کوژراون بێجگە لە عیسـۆ نەبێ. هەواڵی کوشـــتنی دەروێش و یارانی بووە هۆی تووڕەیی و ســـەرهەڵدانی خەڵک، بە هەزاران کەس لە جەنگاوەران و جوانان بە سـواری ئەسـپ لە هەموو لایکەوە بەرەو بارەگای پادشا رۆیشتن و ئامادە بوون بۆ شەر و بۆ سەندنەوەی تۆڵەی کوژراوەکان. سپایەکی گەورە بە سەرکردایەتی زۆر تەمەرپاشا و عەودی ملحم و عەمەرئاغای شەرقی کەوتنە رێ. سوارەکان زۆر لێ براوانە بەرەو گردی ئەدشان و مەیدانی شەر رۆیشتن و یەکسەر هێرشـیان کردە سـەر ئۆردووگای دوژمن و تێکیان شـکاندن. لەم شـەڕدا ژمارەیەکی زۆر لە ســـپای تورک و لە ســـەرکردەکانیـان کوژران لەوانە "چیلی ئەبراهیم بیگـدلی" فەرماندەی هێزەکانی تورکیش کوژرا، ژمارەیەکیان بە دیل گیران و ئەوانەی دیکەشیان کە دەرفەتیان هەبوو هەڵاتن.

عەدولەش لەگەڵ سـوارەکاندا خۆی گەیاندبووە گردی ئەدشـان، دەروێش هیشـتا هەر لە ژیاندا بوو، بەڵام هێزی قسەکردنی تێدا نەما بوو، عەدولە بەپەلە خۆی گەیاند سـەری، بە گریان و هاوارەوە لای دانیشـت. دەروێش دەسـتی عەدولەی گرت و گوشای و تەماشای ناو چاوانی کرد و بە ئارامی گیانی سپارد. عەدولە بە ئەوپەڕی غەم و پەژارەوە دەستی کرد بە هاوار وگریان، لەسەر تەرمەکەی دانیشت و دەستی کرد بە لورە لور و لاواندنەوە و گۆرانی " دەلال (خۆشـەویسـت)"ی بە سـەریدا چڕی. ئەم گۆرانی ئیستاش لە پاش ٢٣٠ ساڵ یەکێ لە گۆرانی بەناوبانگەکانی کوردییە کە هێشتا خەڵک هەر بە تاسەوە دەیڵێنەوە و لایەنگرێکی یگجار زۆریشی هەیە بەتایبەت لە نێو کوردانی کرمانجی زماندا.

دەروێش و هەڤاڵەکانی گیانی خۆیانیان بەخت کرد، عەدولەش ناکام ما، بەڵام گیانبازی و خۆبەختکردنی ئەوان بووە هۆی ئەوەی کە لە لایەکەوە ڕۆحی خەبات و بەرخۆدان لە نێو کورداندا گەشـە بکا و لە لایەکی دیکەشـەوە یەکیەتی و یەکگرتوویی لە نێو هۆزەکانی کورد پێک بێنێ و لە ئەنجـامـدا توانیـان لە هەمبەر زۆرداری و ستەمکاری دەوڵەتی عوسمانی و داروەدەستەکانیان ڕاوەستن و تێکیان بشکێنن و بەم جۆرە نیشـتمانی خۆیان لە داگیرکاری بپارێزن. هۆزەکانی مێلان ئێسـتاش کە ئێسـتایە هەر لە ناوچەکانی خۆیان لە ویرانشـار دەژین و لە بەرامبەر داگیرکاری و سـتمگەری دولەتی تورکیا هەر خەریکی خەبات و بەرخۆدانن.

ئەم ڕووداوە پڕ لە قارەمانی و دراماتیکە بە گشـتی لە ٣٢ بەشـدایە و لە شـێوازی "بەیت"ە، کە تێکەڵاوێکە لە پەخشان و هەڵبەست و گۆرانی. گۆرانییەکانی دەروێشی عەودی سێ گۆرانین کە دووانیان لە ستایشی. دەروێشدایە و ئەوەی تریشیان هەمان گۆرانییە کە عەدولە بەسـەر تەرمەکەی دەرویشـدا چڕیویەتی و جارجاریش گۆرانی "دەلال"ی پێ دەڵێن.



**مەزاری دەروێشی عەودی لەسەر گردی ئەدشان**

لەوانەیە کە کەمتر گۆرانێکی کوردی ئەوندەی گۆرانی دەروێشی عەودی لە لایەن گۆرانیبێژانی کوردەوە وترا بێت. گۆرانییەکانی دەروێشی عەودی هەموویان هەر یەک ناوەرۆکیان هەیە بەڵام بە شێوازی جوراوجور چڕاون.

ئەمەی خوارەوەش دەقی یەکێ لە گۆرانیەکانی دەروێشـــی عەودی (دەلاڵ)ە بە دەنگی دەلیل دیلانەر.

(Delil Dilanar - Dewrese Evdi)

https://www.youtube.com/watch?v=2M1cC9oF13I

دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، وای دەلال، وای دەلال

وەز نەمینم، وەز نەمینم، وەز نەمینم، لۆ لۆ دەورێشۆ

دەوریشێ لێ دلێ من سێوار بوو، لە دەرێ مالا باڤێ من پێیا بوو

دەرویشێ لێ دلێ من ڕەبەنێ سێوار بوو، لە دەرێ مالا باڤێ من وێ پۆرکورێ پێیا بوو

خۆدێ خەرا بکا دەستێ من ژێ ئاگری جێغەرە، فینجانا هاتن و چووینا مێڤانا خالی نەبوو

من دیت کێچێکا جینارا خەبەرێ نە بەخەێرێ ژێ من ڕا دەهانی واخ

دەگۆ: لێ لێ پۆرکورێ ما تۆ نەزانی دەرویشێ دلێ تە خەیدی، بەر بە ماڵ بوو

ئەوێ گاڤێ چاوێن من مینا تاڤییا بەرف و بارانێ ژێ هەسیرا خالی نەبوو، ئەز نەمێنم

وەز نەمێنم، وەز نەمێنم، وەز نەمێنم لۆ لۆ دەلالۆ واخ...

دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، وای دەلال

وەز نەمینم، وەز نەمینم، وەز نەمینم، لۆ لۆ دەورێشۆ

دەورێشۆ لاۆ، وەرە مالا باڤێ من مێڤانی، دەورێشۆ بەرخۆ، وەرە مالا باڤێ من پۆرکورێ مێڤانی

ئەزێ ژێ دەروێشێ دلێ خۆە ڕا داینێم کولاڤێکی سۆر یا خۆراسانی

ئەزێ ژێ دەورێشێ دلێ خۆە ڕا سەرژێ بکەم مێها سۆرا سەر بەرانی

گافا کالێ باڤێ من و پیرا دایکا من گۆتن: لێ لێ پۆرکورێ، کانێ مێها سۆرا سەر برانی ئاخ

ئەزێ بێبێژم کوربونۆ شێفانێ مە لاوێکی خەڵکێ بوو، شەڤ بوو تاری بوو با بوو باران بوو، ژێ چولێ نەهانی گورا خوارێ

وەز نەمینم، وەز نەمینم، وەز نەمینم، لۆ لۆ دەلالۆ واخ ...

دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، دەلال من وای دەلال، وای دەلال،

وەز نەمینم، وەز نەمینم، وەز نەمینم، لۆ لۆ دەلالۆ دەورێشۆ

****

هەر ئەم گۆرانیە هونەرماندانی دیکە بەشێوازێکی تریش چڕیویانە. ئەمەی خوارەوە بە دەنگی هونەرمەند "کازۆ":

https://www.youtube.com/watch?v=lkh_xBDstO8

هونەرمەندی گەورەی کورد کاراپێتی خاچۆ (خاچاتووریان)، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئەرمەنییە، ئەم گۆرانییە بە شێوەی دەنگبێژی چڕیویە:

Karapatê Xaço - Derwêşê Evdî

https://www.youtube.com/watch?v=qw5lbxXA5JY

هۆنەرمەندی گەورەی دەنگبێژ "شاکرۆ"، کە بە شێوازی کۆنی دەنگبێژی چڕیویەتی:

Şakiro - Derwêşê Evdî

https://www.youtube.com/watch?v=2tY_KJwPCe8

گۆرانی دەروێشی عەودی بە دەنگ هۆنەرمەندێکی کورد لە ئەرمەنستان لە رادیۆ ئیرەوان:

https://www.youtube.com/watch?v=Cf5hiEavMVM

****

داستانی بەرخۆدانی دەروێشی۔ عەودی و هەڤاڵەکانی نابێ وەک ڕووداویەکی دەگمەن یان خۆ وەک چیرۆکێک یان ئەفسانەیەکی دروستکراوە ببیندرێت. ئەگەر چاوێک بە مێژووی گەلی کوردستاندا بخشێندرێت ئەمجا دەبێ ئەمە وەک ئەلقەیەک لە زنجیرێک و یان وەک نەریتێکی جێکەوتووی مێژوویی دانیشتووانی کوردستان چاو لێ بکرێت.

هەموو ئەو ئەفسانە کۆنانە وەک کاوەی ئاسنگەر و ڕۆستەمی زاڵ و ئارەشی کەمانگەر داستانگەلێکن لە خەباتگێڕی و خۆبەختکردن بۆ پارێزگاری لە خەڵک و وڵات، کە بێ

گومان هەر یەکە لەمانە بۆ خۆی ڕەنگدانەوەیەکە لە ڕووداوێکی ڕاســـتەقینە. بەڵام بێجگە لەمانەش هێندێک ڕووداوی تر هەن کە مێژوو بۆ هەمیشە تۆماریانی کردووە.

- لەوانەیە یەکێ لە کۆنترین ڕووداوەکان کە مێژوو تۆماری کردبێ، بەرخۆدانی "قەڵای ئۆراش" بێ لە قافڵانکێودا. لە ســاڵی ٨٢٠ پ.ز. واتا نزیک زیاتر لە ٢٨٠٠ ســاڵ لەمەوبەر "شــەمس ئەدادی پێنجەم" پادشــای ئاشــوور بە سـوپایەکی زۆرەوە هێرشی ناوچەکانی ناوەندیی مادی کرد. دانیشـتووانی کەلی ئۆراش کە ٧٢٠٠ کەس بوون بە سەرۆکایەتی "پیرشاتی (پیر شادی)" خۆیان نەدا بەدەســتەوە و هەر لە نێو قەڵاکەدا دەســتیان دایە شــەڕ بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیـان، بە وتەی دیـاکۆنۆڤ لەبەر کۆن بوونی، قەڵاکە بەرگەی نەگـرت و ڕووخـا و دوژمـن داگـیری کـرد لەم شـــەڕدا ٦٠٠٠ کەس لە دانیشـتووانی قەلاکە کوژران و ١٢٠٠ کەسـیشـیان بە دیل گیران. (مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٢١١).

- نموونەیەکی تر دەکرێت باسی شـــۆڕشی خەڵکی ئۆرمەت (ارومیە) بکرێت. "پادشــاییماننا" یەکێ لە دەســەڵاتەکانی فەرمانڕەوا بوو لە کوردســتاندا لە نێوان ساڵەکانی (٨٨٠ – ٥٩٠ پ.ز). " ماننا لە ساڵی ٦٧٣ پ.ز. دۆست و هاوپەیمانی مادەکان بوو لە دژی دەستەڵاتی ستەمگەر و داگیرکەری ئاشوور، هەر بۆیەش ســپای ئاشــوور لە ســاڵی ٦٦٩ پ.ز. هێرشــیان کردە ســەر کوردســـتان و چەندین جەنگ لە نیوانیاندا قەوما. زۆرێک لە ســەربازان و سەرکردەکانی ماننا لەم شەڕاندا کوژران و سەرئەنجام هیزەکانی ماننا تووشی تێکشـکان هاتن. ئاخسـەری پادشـای ماننا ناچار ما کە پایەختەکەی خۆی "ئیزرتوو" لە نزیکی شــاری ســەقزی ئێســتا بەجێ بهێڵێ و بەرەو ئۆرمەت (ئۆرومیە) پاشـەکشێ بکا. بەڵام لێرە یەکێ لە سـەیرترین ڕووداوەکانی مێژوو قەوما. کۆمەڵانی تورەی خەڵک کاتێ کە زانیان پادشـــا لە باتی ڕاوەســـتان و بەرئەنگاربوونەوەی دوژمن پاشـەکشێ کردووە و بەرەو ئۆرمەت ڕای کردووە

لێ ڕاپەڕین و پادشـــا و ســـەرکردەکان و هەموو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون کۆشتن و بە سزای مەرگیان گەیاندن"[1].
**لێرەدا وا دەردەکەوێ کە لە چاوی کۆمەڵانی ئاسایی خەڵکەوە ڕاوەستان، بەرخۆدان و بەرئەنگاربوونەوەی دوژمن نەریتێکی باو و پەســـەندکراوی کۆمەڵگا بووە و بەپێچەوانەشەوە خۆبەدەستەوەدان و پارێزگاری نەکردن لە خەڵک و وڵات وەک خەیانەت چاوی لێ کراوە.**

- نموونەیەکی تر بەرخۆدانی دانیشـتووانی قەڵای دم دمە، کە لە مێژووی گەلی کورددا وەک شۆڕشی قەڵای دم دم بەناوبانگە.
شـاە عەباسی سـەفەوی فەرمانی دەرکردبوو کە ئەگەر هەر کام لە سـەرانی کوردســـتان بە قســـەی ئەویان نەکرد و ســـپاکانی خۆیان لەگەڵ هێزەکانی قزڵباش بۆ جەنگ لە دژی عوســـمانیەکان بەڕێ نەکرد ، ئەوا ناوچەکانیان تاڵان دەکات و خەڵکەکەشی ئاوارە و پەرێشـــان دەکا. هەر بۆیەش لە دژی ئەمیرخـانی برادۆســـت (خـانی لەپ زێڕین) کە ئـامـادە نەبوو لەم شـــەڕە ئائینییەدا، **شـەڕی "شـێعە و سـونی"** بەشـداری بکا لەشـکەرکیشی۔ کرد و لە دوای گەمـارۆدانی قەڵاکەی هێرشی کردە ســـەری. نەبەردی قەڵای دم دم زیـاتر لە سێ مـانگی خـایـانـد و هەزاران کەس لە ژن و پیـاو و منـداڵ لە نێو قەڵاکەدا کوژران. تەمەرخـان کوڕی ئەمیرخـان کە لە پـاش کوژرانی بـابی بە دیـل گیرابوو لە دوای ئـازاد بوونی جـارێکی تر گەڕایەوە بۆ قەڵای دم دم و دەســـتی دایە خەبات لە دژی دەســـەڵاتدارانی ســـەفەوی. بەڵام بە داخەوە چونکە گەمارۆیەکی قورسیان خستبووە سەر قەڵاکە و خواردن و ئاویان لێ بڕیبوون، لە کارەکەیاندا ســـەرکەوتوو نەبوون و کاتێ کە ســـەربازەکان چوونە نێو قەڵاکەوە بەپێچەوانەی ئەو سۆزەی کە پێشتر بە خەڵکی نێو قەڵاکەیان دابوون، ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. لە سەر ئەم بابەتە (میرزا رشید ادیب الشعرا) دەنووسێ: [2]

[1] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٣٤٩ـ٣٥٠
[2] شورش قلعه دم دم، چگونگی و علل آن در عصر شاه عباس اول. نویسندگان سید هاشم آقاجری، محمد حسن رازنهان، زلیخا امینی، مسلم سلیمانییان، فصلنامه علمی- پژوهشی دانشگاه الزهرا. سال ٢١، بهار ١٣٩٠.

**"جێگای ســـەرســـوڕمان بوو کاتێ کە ســـپاکەی ســـەفەوی چوونە نێو قەڵاکەوە دیتیان کە هشـتادو شـەش کەس لە کچان و لە ژنانی جوان لە بەر ئەوەی بە دیلی نەکەونە دەستی دوژمن و بێ حورمەتی و دەستدرێژیان نەکرێتە سەر لە سەر دیواری قەڵاکەوە خۆیان فڕە دابووە خوارێ بۆ بن دۆڵێکی قوڵ (ادیب الشعرا ١٣٤٦: ٥٠)"**

**ئەمەش جارێکی تر ئەوە دەگەینێ کە ئەو ژن و کچانە مرگیان پێ باشتر بووە هەتا خۆبەدەستەوەدان، سوکایەتی پێکردن و دەستدرێژی کردنە سەریان.**

- ئەو ڕاوسـتان و بەرخۆدانە کە خەباتگێڕانی کورد لە کۆبانی لە هەمبەر هێزێکی تاریک، بێ بەزەیی و مروڤکوژوە لەخۆیانیان نیشـــان دا و توانیان دەمی ئەو خوێنمژانە لە پێش چاوی ئاغاکانیـانەوە بشـــکێنن، ئەوە تەنیا ورشـــەی ئەستێرەیەکی پڕشنگدار نەبوو کە لەپڕ لە ئاسمانێکی تاریک و لە شەوەزەنگدا وەدەرکەوت. ئەو بەرخۆدانە تەنیـا کـاری ڕێکخراوێکی ســـیـاسی نەبوو بە ڕێبەرانێکی ژێر و کارزانەوە، هەرچەنـدە دیـارە ڕێکخراو و ڕابەران نـەخشـــی ســەرەکی دەگێڕن. درۆسـت لەو کاتەدا کە دوژمن بەرەو ناو دڵی کۆبانی نزیک دەبووەوە، بە ســـەدان ژن و پیاوی و جوان بە تێکشـــکاندنی بەربەســـتەکانی ســـەر ســـنووری دەســـەڵاتدارانی تورکیا و بێ گوێدان بە ڕێســـا و یاســـاکانیان ســـنووریان شـکاند و بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی بەرەنگاری و بۆ پاراســتنی برا و خۆشکانیان و شارەکەیان سینگی خۆیان نایە بەر گولەی دوژمن و شێرئاسا جەنگین، و بێ گومان بەشێکی زۆریشیان گیانی خۆیانیان لەم ڕێگایەدا بەخت کـرد. ئەم بـوێـری و بەرخـۆدانە ئەم ڕۆحی چـۆکـدانەدان و نەبەزیـیە لە نێوکوردانـدا شـــتێکی ناوازە و دەگمەن نییە، ئەمە بێ گومان درێژەدەری ئەو نەریت و فەرهەنگەیە کە ڕیشەی لە ڕابردوو و لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا هەیە.

**سەرچاوەکان:**

١- کتێبی داستانی دەروێشی عەودی بە تورکی و کوردی.

Dewrese Evdi Destani

https://papatyakutuphanesi.files.wordpress.com/2012/09/derwese-evdi.pdf

٢- "اوینا مێرخاسێکی" نووسراوەی ئیبراهیم عوسمان ساڵی ٢٠٠٨ زایینی.

Evîna Mêrxasekî, Ibrahim Osman, 2008

٣- " بە ئەوینا مێرخاسێکی داستانا دەورێشێ عەودی"- مەهاباد فەلات ئەردا (١٥-١١-٢٠٠٨).

Bi Evîna Mêrxasekî Destana Dewrêşê Evdî - Mahabad Felat Arda

٤- داستانی دەروێشی عەودی لە کۆکردنەوە و پێشکەش کردنی شاهین بەکر سورەکەلی بە شیوەی زارەکی (شفاهی) لە ١٧ بەشدایە کە لە یوتوب (youtube) دانراوە بۆ هەمووان.

https://www.youtube.com/watch?v=LkoYtMHqrcU

٥- داستانی دەروێشی عەودی و عەدولە، لە رێکوپێک کردن و بڵاوکردنەوەی خاتوون بلا ستورکی (Bella Sturki) لە ڕادیۆی ڕوونکایی بەشی کوردی رادیۆی گورجستان.

https://www.youtube.com/watch?v=cnEEP5TDlGc&t=13s

٦- ڕوونکردنەوە لە سەر داستانی دەروێشی عەودی، وتووێژێک لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵینەر ئەیوبی کێران.

https://krd.sputniknews.com/rojhilatanavin/201605182868968-Destana-Derwese-Evdi-hat-bibir-anin/

٧- داستانی دەروێشی عەوەی و ئەوینی عەدولە، نووسەر عەبدولقادر ئۆلۆمەسکەن (Abdulkadir Ulumaskan).

٨- گفتگو و بحث در باره حماسه درويش عەودی با شرکت نویسنده و محقق مصطفی رشید در "چرا تلويزيون".

٨- باس و وتووێژ لەسەر داستانی دەروێشی عەودی بە بەشداری نووسەر ولێکۆڵینەر موستەفا ڕەشید لە "چرا تیڤی".

https://www.youtube.com/watch?v=Vv-vs7ETjZ8&t=222s

٩- کۆی داستانی دەروێشی عەودی بە شێوەی بەیت لە وتنی باقی خدۆ.

https://www.youtube.com/watch?v=cihiY4jT6eY&t=157s

١٠- کورتەیەک لە داستانی دەروێشی عەودی بە شیوازی زارەکی و گۆرانی لە لایەن هاریمان شنگاری.

https://www.youtube.com/watch?v=AwCGUgHZay4

١١- وینەی سەر بەرگەکە، نەخشی میرێکی کوردە کە لە لایەن "ئەلکساندر ئۆرلۆڤسکی"ەوە کێشراوە.

Kurdish Prince (Mîr), by Alexander Orlovsky

http://www.saradistribution.com/eighteenthcenturykurdish.htm